نێچیرڤان بارزانی: لەگەڵ هەمو لایەنەکان لەهەوڵدابوین بۆ راگرتنی شەڕ لەگەڵ حەلەب



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم رایگەیاند، هەر لەگەڵ سەرەتای روداوەکانی حەلەبەوە لەگەڵ هەمو لایەنەکان لەگەڵ هەوڵدا بوین بۆ راگرتنی شەڕو لەگەڵ هەوڵەکانیشمان بۆ هۆورکردنەوە بەردەوامین.

بەپێی راگەیەندراوکی سەرکایەتی هەرێم، ئۆوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ پاتریك دۆرڵ، باڵیۆزی فەڕەنسا لەگەڵ عێراق و شاندکی یاوەری، وتەای پەیوەندییەکانی هەردولا، دۆخی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان و دواین پێشهاتەکانی ناوچەکەیان تاوتوێ کرد.

ئاماژەی بەوەشدراوە، هەردولا هیوایان خواست کۆکارەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆمار و دەستنیشانکردنی سەرکوەزیرانی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ وادەی یاساییی خۆیاندا بەڕێوەبچن و حکومەتێك پێکبێت کەوەڵامدەرەوەی چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیان و ئاڵنگارییەکان بێت. هەروەها جەختیان لەگرنگیی پەلەکردن لەپێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی

کوردستان کردەوە.

وەك لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە، هەردولا نیگەرانییان دەربارەی دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە دەربڕی و هاوڕا بون لەسەر گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان بە دیالۆگ و ڕێگە دیپلۆماسییەکان. لەمبارەیەوە دوپاتیان کردەوە کە گرژییەکان و ئوبەئوبونەوەی سەربازی، ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە زیاتر دەکەن.

دەربارەی پێشهاتەکانی سوریاش، نێچیرڤان بارزانی دوپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەمو پشتگیرییەك لە مافەکانی گەلی کورد و هەمو پێکهاتەکان لە سوریا دەکات. هەروەها وتی: هەر لە سەرەتای ڕوداوەکانی حەلەبەوە، لەگەڵ هەمو لایەنەکان لە هەوڵدا بوین بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پاراستنی سەقامگیری و لە هەوڵەکانمان بۆ هاورکردنەوە، بەردەوامین.

پرسەی ئاشتی لە تورکیا و چەند پرسکی دیکەی جێی بایەخی هەردولا؛ تەوەری دیکەی کۆبونەوەکە بون.